عێراق پیرۆزبایی لەلوبنان دەکات بەبۆنەی تەواوبوونی پێکهێنانی حکومەتی نوێی

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، دوو بروسکەی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک کۆماری لوبنان جۆزێف عەون و سەرۆک وەزیرانی لوبنان نەواف سلام کرد بەبۆنەی تەواوبوونی پێکهێنانی حکومەتی نوێی ئەو وڵاتە.

باسم عەوادی وتەبێژی حکومەتی عێراق لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، بڵاویکردەوە"بە دووپاتکردنەوەی پەیوەندییە برایەتی و پتەوەکانی نێوان عێراق و لوبنان سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران بەڕێز محەمەد شیاع سودانی، دوو بروسکەی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک کۆماری لوبنان بەڕێز جۆزێف عەون و سەرۆک وەزیرانی لوبنان بەڕێز نەواف سلام کرد و تێیدا پیرۆزبایی دەستپێکی خێی بەناوی حکومەت و گەلی عێراقەوە لە لوبنانی برا کرد بە دامەزراوە حکومی و هەموو پێکهاتەکانی گەلەکەیەوە، بەبۆنەی تەواوبوونی پێکهێنانی حکومەتی نوێی لوبنانەوە، هیوای خواست ئەم هەنگاوە ببێتە دەستپێکی سەردەمێکی نوێی سەقامگیری و ئاسایش و دەروازەیەکی متمانە بڵای بدیهێنانی ئاواتەکانی گەلی لوبنان دا بە خۆشگوزەرانی و ژیانێکی شایستە.

سەرۆک وەزیران لە بروسکەی پیرۆزبایەکەیدا بۆپەی ڕاگەیەندراوەکە جەختی لەسەر بەردەوامی پشتیوانی عێراق بە لوبنانی برا کردەوە و هەموو ئەوەی کە بتوانێت بەهێزی ئەم وڵاتە ئازیز و خاگریەکەی

لە بەرامبەر ئاستەنگەکاندا بەرز بکاتەوە، هەروەها ئاوەدانکردنەوە و خۆشگوزەرانی وەک هەمیشە لە لوبناندا هەیە، بە ئەوەی ئەم وەتە گرنگەی ناوچەکە بتوانێت بەشداری بکات لە پاپشتیکردنی گۆشەپەدان و پتەوکردنی تەکەتاویی ئابووری و شارستانییەتی نەوان گەلانی برا و دۆستمان.